ئاراستەکانی رەخنەی شانۆیی ... حەیدەر عەبدولڕەحمان

بە درێژایی تەمەنم لەگەڵ پرسەی رەخنە نووسین دا، قەت بە بیرم نایەت بۆ هیچ کارێکی هونەریی، پێش وەختە هیچ بڕیارێکم لەگەڵ خۆم دا هەبێ، یا پرسم بە هیچ بنیادەمێکی خوا کردبێ بۆ نووسین یان نە نووسین، بەڵکو ئەوە بەرهەمەکە خۆی بووە هەمیشە بڕیاری پێ بەخشیووم.
لەسەر هیچ بەرهەمێك، بیرم لە دووری و نزیکی هیچ لەوانە نەکردۆتەوە کە بەرهەمەکانیان دەخوێنمەوە، هیچ کاردانەوەیەکیشم بەلاوە گرنگ نەبووە، مادام لەوە دڵنیا بوومە کە ئەوەی دەینووسم لە نیەتێکی پاکو بگەردو لە دیدێکی تایبت و ئازادی خۆمەوە سەر هەڵدەدات ..

بە دەست من نەبووە، هەندێ لەو بەرهەمانە وەك تیر لە زاکیرەم چەقیوون، وەك زریان رایان ماڵیوم، لە تاریکی نیوەشەودا، وێنەو سینۆگرافیاو دیمەنە وروژێنەرەکانیان، ئێقرەیان لێ هەڵگرتووم، وەك تاشە بەرد لە کەلەکەم چەقیوون، تا بەیانی هەرگێو وەرگێیان پێ کردووم، وەك خوێن بە ناخما گوزەریان کردووە، ناچاری ئەوەیان کردووم، لەژێر پێخەفەکە دەربەم و بە دوای چرایەك، چەند پەڕە کاغەزێك، قەڵەمێکی ون بوودا بگەڕێم و بیاننوسمەوە، ئەو کات بە ئارامی خەو چێتە چاوانم.
بەرهەمی واش هەبووە، هێندێکی گەورەی شانۆیان لێ کردووم زیندانێکی تەسك و تریسك، وەك چۆلەکەیەك کە لەتاو بە دیل گرتنی، ڕاحی بە دارو دیواردا بدا، بەدوای کۆافەیەك، دەرگایەك، پەنجەرەیەك دا بگەڕێم بۆ هەناسە دان.
کە هاتوومەتە دەرەوەش، ئێخەیەکم لە ناخمدا هەڵکێشاوە.. ئەوسا زانیوومە ئازادی چەند خۆشە.
کاتێ ئاوێزانی سیحری نمایشێکی شانۆیی دەبم و دەکەومە ژێر کاریگەرییە دەروونی و ستاتیکیەکانی، ڕەنگە تا دەمێکی دوور زمانم سڕ بێ و نەتوانم قسەیەك بکەم، باس لەو سڕ بوونە ڕاحیە بکەم، کە بە ئاسانی بەرم نادات ..دواتر کە ئەو تێزو گەردە کاریگەرانەی سەر دەروونم هەڵنیشتنەوە، لەژێر سێزە کاتیەکاندا دەرچووم، ئەوسا دەتوانم ڕوونتر نمایشەکان لەزاکیرەمدا بگێڕمەوە، لێژیکیانە تر بیانخوێنمەوە..بۆیە پێم وابووە کارێکی زۆر نالێژیکییە کە ڕك

دوای کۆتایی هاتنی نمایش و لەژێر هەموو ئەو دەرهاوێشتەو کاریگەرییە سیحراویانەی شانۆ، بتوانیت راستەوخۆ بەلێژیك قسە لە نمایشکی شانۆیی بکەیت و مافی خۆی بدەیتێ .

هەمیشە تەمەنی نمایش لە هزرو ناخی بینەردا سنووركی دیاری کراوی نیە، نمایشی وا هەیە بە ساڵان لە زاکیرەی بینەردا بە زیندوویەتی دەمێنێتەوە، لەهەر لەحزەیەکی گەڵانەوە بۆ ئەو زاکیرەیەدا چژێکی نوێت پێ دەبەخشیت، هەشە تەمەنی مانەوەی لەهزری تۆدا تەنیا سنووری دەرگای دەرەوەی هۆڵەکەیە..لەوێوە بە بیرت دا نایێ بزانیت ئەوەی تۆ بینیت چی بوو؟ چونکە نمایشەکە نەیتوانی شوێنەوارێك لەرۆحی تۆدا بە جێ بهێڵێ بەهاکەی بای ئەو چەند خولەکانە بێت کە تۆ بەو نمایشەت بەخشی.

هەر بینەرێك کەروو لەهۆڵکی شانۆیی دەکات، هەر نازناوێك هەڵگرێت، بۆ ئەوە دێتە شانۆ، چژ لە نمایش وەربگرێت، پێداویستیە رۆحی و هزری و دەروونییەکانی خۆی لە شانۆوە وەربگرێت، ئەگەرنا خوێندنەوەی نمایش، یا رەخنەگرتن ناچێتە قالبی پرسەیەکی زۆرە ملێیی، کە تۆ مادام لە نمایشکدا ئامادە بوویت، دەبێت بنووسیت، زۆر جاران جەخت لەخۆ کردن بۆ نووسین لە پەنای کەمەڵ پاساوی نالەژیکی، زەرەرو زیان بە کردەی رەخنەیی دەگەیەنێت و ئاستی توانستی رەخنەگرەکە دادەبەزێنێ و متمانەی لەگەڵ خوێنەرانی خۆی لەدەست دەدات، بە تایبەت ئەو نمایشە لاوازانەی شایەستەی قسە لەسەر کردن نین و هەموو بینەرێك بە ئاسانی توانای خوێدنەوەیانی هەیەو ئەو بەها هونەرییە گران بەهایانە بە خۆیانەوە هەڵناگرن کە شایەستەی ئەوە بێت رەخنەگر بیانخوێنێتەوە.

رەخنەگر وەك هەر شانۆکارێکی دیکە لەهەر کارێك دا دەکەوێتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی نوێ، ناتوانێت بەئاسانی متمانە لای بینەر دروست بکات، ئەگەر بۆ کەمەڵ پرسی لاوەکی، نووسینەکانی خۆی خستە بازاڕەوە، ئیدی هەر تەکتیکێك لە نووسین دا بەکار بێنێ، ئەوە ناتوانێت فێ لە بڕچوونی بینەر و قەناعەتی بینەر بکات، بینەری هوشیار زۆر بە ئاسانی دەتوانێت باگ راوندی ئەو تەکتیکە لە ژێر پەردەوە ببینێ کە رەخنەگر بەکاری دێنێ .

زۆری نووسین لەپرسەی رەخنەی شانۆیی دا بۆ ژمارەیەکی کەمی بەرهەمی شانۆیی، نیشانەی رەوتکی خەتەرناکە بۆ رشانەوەی رەخنە، چونکە رەخنە دەرهاوێشتەیەکی جۆریی بەرهەمی شانۆییە نەك بۆی شانۆیی.

لەو کاتەدا رەخنە ناکەوێتە پێگەیەکی باڵاتر لە شانۆ، بۆ ئەوەی شانۆ بەرەو ئاراستەیەکی بڵندتر لە خۆی راکێشێ، بەڵکو لە پێگەیەکی نزمتر لە شانۆ دەچەقێ کە نەتوانێت بزاڤی شانۆیی تەکان پێ بدا.
بۆیە شوناسی پێشکەوتنی رەخنەی شانۆیی لە ئامادەبوونی رەخنە نیە لە هەموو کارێکی شانۆیی دا، بەڵکو پاراستنی رەخنەیە لە ئاست و وەزیفەی زانستی و ئەکادیمی و قودسیەتی رەخنەو رۆڵی کاریگەری رەخنە لە بەرەو پێشەوەچوونی شانۆدا.

گوڵادەرێ ئێی مارکسیست!!...موری بۆکچین-١-

گوڵادەرێ ئێی مارکسیست!!
By Murray Bookchin
و: زاهیر باهیر

بەشی یەکەم:

لە ئێستادا هەموو بەرماوە خراپەکانی ساڵانی سیپەکان وەکو قسەی گوواوی " هێی یا ێیزی چینایەتیی"، " ێێی چینی کرێکاران" ، " کادیرانی بۆ ئۆزموون" ، " پارتی پێشڕەو" هەروەها " دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا"، سەریهەڵداوەتەو. هەموو ئەمانە چەتر لە سەردەمی پێشتر و لە فۆرمێکی خراپ و ناتەندروستا هاتوونەتەوە ئاراوە. باڵی پێشکەوتوخوازی پارتی کار (PLP) The Progressive Labor Party ، بە تەنها نموونەیەك نیپە لەم بوارەدا، بەڵکو خراپترینیانە. دەتوانرێت بڵێی هەمان گوو لە لقە جیاوازەکانی SDS ،سۆشیال دیمۆکرات و مارکسیپەکان و یانە سۆشیالیستەکان لەناو بینای زانکۆکانا، بکرێت، ئەوە هەر باس لە گروپە ترۆتسکیپەکان و یانەکانی سۆشیالیستی نەونەتەوەیی و گەنجانی دژ بە جەنگ وفاشیزم، هەر مەکە.

لانی کەم لە ساڵانی سیپەکانا ، ئەو کاتەی کە ئەمریکا بەهەی قەیرانێکی گەورەی ئابووریپەوە کە قوڵترین و درژترین قەیران بوو

لە مژوودا پکیکوتبوو [ئیفلیجبووبوو]، ئم قسو باسانە بەهرحال. ئو کاتە تنها هزگلکی زیندوو کە لە گپانکدا دبینران و بگژ دیوارکانی کاپیتالیزمدا دچوونو کخستنە گورکی کمیتەی رکخراوی کرکارانی کارگە بوو، کە بشك بوون لە نونتاوەیی CIO کە مایل و ئاستەی جنگاوەریی ادیکالیانیان هبوو.
ئوان لە پشت مانگرتنە ئاشکرا و گورکانو بوون، لگپە پلیسدا لە ووبووبوونوەی خوناویدا بوون. ژینگەی سیاسییانە لە سراپای دونیادا بە هەی پریشك و شنایی وزەی جنگی ئهلی ئیسپانیاو تینی تزایو، کە دوا ششی کلاسیکیانەی کرکاران بوو، کاتك بوو کە هر هموو شانیکی ادیکال لە چپە ئمریکییکان دتوانرا لە گای تابوورە میلیشیاکانی خیانو لە مدرید و برشلونە خیان ببینن.

ئو 30 سا پش ئستا بوو [بوکچین ئم تزەی لە سای1969 نوسیو کە بندکە لە کتبی Post Scarcity Anarchism – ورگپە] . ئوش ئو کاتە بوو کە هرکس بیتوانیایە هاواری دکرد " سکس بکە، نك شر بکە" ئمش ناوازە دبینرا، بیە دواتر هاوارکە گپرا بە " کار، ئیش ئافرینەر بکە نك شپە" هاواری سردمك بوو کە بارگاوی بوو بە نبوونی و شتکمی. ئمە لکاتکدا بوو کە بدستهنانی سشیالیزم پویستی بە " قوربانیدان" و هروها " قناخی گواستنو" بوو بە ئابووریيك کە دستبەری زریی کرسە [متیریاپ] پداویستییکانی بکردایە. بە منداپکی هژدە سان لە سای 1937 دا [بوکچین مبەستی خیاتی کە لو سادا تمنی 18 سا بوو -ورگپە] تگیشتنی یاخود چمکی cybernation بە ئو وکو فنتاسیایکی زانستی کویانە وابوو، فنتاسیایك بوو وکو بە براورد بە گشتکردن بە فزا، بوو.

ئو منداپە هژدە سا ئستا پی ناوتە تمنی پنجا ساییو، پگکانی لە سردمکی دوور کە زر جیاوازە لم واقیعەی ئستای ئمریکا، داکوتاو. خودی سرمایداریش لوکاتو گپاو، شوازگلکی جیاوازی چسپیوی زیاتری وای بخو گرتو کە سی سا لمو بر پشبینکردنیان گرانبوو. کچی ئستا داوامان لدکرت کە بگپینو بە " یزی چینایەتی یا هی چینایەتیی" و " ستراتیجییکان" و " کادرکان" و هروها شوازك لە پکخستنی ئو سردمە دوورە کە ئمش فرامش کردن و خدزینو و خبەدوورگرتنە لە پرسە نویکان و گریمانکان، کە سریان

هەداوە.

بە خاتری …؟ باشە ئەمە کەی دەتوانینن بزوتنەوەیەك ئافرینەدە بکەین کە ئایندە ببینێت لەبری ئابوردوو؟ کەی دەتوانین لەوەوە فەربین کە دەتە دونیاوە نەك لەوەوەی کە دەمرێت؟ لەردا دەکرێت ستایشی مارکس بکەین، کە ئەو هەوڵی دەدا لە هەژی خەیدا ئەوە بکات. ئەو لە بزوتنەوە شەشگەریەکەی سالانی 1840 و 1850 هەوڵی دا کە هەحەتی ئایندەگەریی، ببزوێنێت. "ترادتسوێنی هەموو نەوە مردووەکان وەکو کابوسی خەو قورسایی خەی لەسەر مێشکی زیندووەکان، داناوە " [مارکس لە هەژدەی برەمەر- لویس بۆناپارت] " وادەردەکەوێت کاتێك کە خەیان سەرقاڵکردووە بە شەشگەکردنی خەیان و شتەکانەوە لە خولقاندنی شتەکا کە بە تەواوی نوێیە، هەك ئا لەم سەردەمی قەیرانی شەشگەییەدا ئەوان پێشەکاوانە داوای هەح و ئیلهامەکانی ئابوردوو بە خزمەتکردنی خەیان بە قەرزکردنی ناوەکانیان، دروشمی جەنگەکانیان و نەریتیان، دەکەن، تاکو نواندن و نمایشی نوێی مێژوی جیهان ئا لەم وەختە بەسەر چووەدا بەم زمانە موزەیەف و سەپێنراوە، پێشکەش بکەن. بەم شێوەیە Luther ماسکی Apostle Paul پێشی و وێنە و کەشەی شەشکەی 1789 بە 1814 ئاسان لە خەیوە جارێك وەکو کەماری هەمانکان و جارکیش وەکو ئیمپراتەرییەتی هەمانکان ، شەشکەی 1848 بە خەی شتەکی باشتری لە ساتەرەك پێنەبوو، هەر ئاواش شەشکەی ساڵی 1789 و ترادیسۆنەکەی 1793 تاکو دەگاتە 1795… شەشی کەمەایەتی چەرخی نەزدە ناتوانێت وێنەی تابلۆکان لە ئابوردوو بکەشێت، بەکو تەنها لە ئایندە دەتوانێت.

ناتوانێت دەستبەکاربێت پێشئەوەی پوچگەراییەکان کە پێویستن بە ئابوردووە لەخەی دانماڵێت.. . شەشی چەرخی نەزدە بە ئەوەی بگاتە ئامانج و ناوەرۆکی خەی، دەبێت لەگەڵین مردووەکان، مردووەکان بنەژن. لەوەدا بگەکە جەوهەر و ناوەرۆکەکەی تێپەڕان، بەڵام لەردا جەوهەر و ناوەرۆکەکە بگەکە تەدەپەڕێنێت." 18ی برەمەر- مارکس.
لە کاتێکدا کە بەرەو چەرخی بیستوویەك دەچین ئایا گرفت و کێشەکانی ئەمە جیاوازییەکیان هەیە لەتەك سەردەمی پێشوودا؟ جارێکی دیکەش مردووەکان دەنەوە نەوانمان و گاتەجاییانە هەدەکەن، خەیان بە ناوی مارکسەوە دەناسێنن، ئەو پیاوەی کە ویستی مردووەکانی چەرخی نەزدە بنەژێت. بەم جەرە شەرشی ئەمەمان هیچی باشتری پێ ناکرێت جگە لە لاسایی کردنەوەی شەرشی ئۆکتۆبەر لەگەڵ جەنگی ئەهلی 1918 – 1920 بە یارمەتی و هاوکاریی 'هەلی یا ێیزی چینایەتی' یەکێیەوە

لەگەڵ ‘پارتە بەلشەفیکەکەی و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاکەشیەوە. ئەمش بە جەختکردنەوە لەسەر نەریتی ئیلتیزامی ئەخلاقیانە لەژێر دروشمی ‘دەستەڵاتی سۆڤیەت’ دا، بەدەچێت.

تەواوکردنی هەموو لایەنەکانی شەڕی ژانك کە تیایدا دەژین ، سەرەنجام دەتوانێت پرسە مێژوویەکەی " پرسی کەمایەتی" کە زادەی لەدایکبووی سەردەمی نەبوونیی و کەمیی پەداویستییەکان و پاوانکردن و کەمەڵی هیرراشیەتە/ قووچکەییە، لابەلابکاتەوە. ئەمش بە دووکەوتنی تراديسۆنی شەشی بچوکە تەواونەبووکان کە یەکلایەنانە بوون و لە ڕابووردوودا ڕوویانداوە و و ماونەتەوە بە ئێستا، کە تەنها شەوازی " پرسی کەمایەتیی" سیستەمك بە یەکەکی پاوانخوازی هیرراشی دیکە، گەیوە. لە کاتێکدا کە خودی کەمەڵی بورجوازیی لە پرسەی یەکانابوونەوەی [هەوشاندنەوەی] چینە کەمایەتییەکاندایە، ئیدی سەقامگیری بە خەی داوە، ئەمە گومان لە داخوازییە بەفەڵە بەتاڵەکانی، وەکو " ێیزی یا هەڵی چینایەتی" دەبێت.

لە سەردەمێکدا کە سەراپای دەسگە سیاسییەکانی کەمەڵی هیرراشی کە پەدەنێنە سەردەمێکی بگەنی قۆناغ، ئا لەو کاتەدا ئەمە گوبیستی داخوازییە بکەکەکانی وەکو " پارتێکی سیاسیی" و " دەوەتێکی کرێکاریی" دەبین. لە کاتێکدا کە هیرراشییەت/ قوچکەیەت دەبنە جێگای پرسیار، گودەری داخوازی " کادیران" و " پشەوان" و " ابەران و سەرکردان" دەبین. لە کاتێکدا کە نوێندگرایی و دەوەت گیونەتە حەدی خاڵی تەقینەوە لە مێژووی نرێیانیاندا، ئەمە گومان لە داخوازی توەهاتی: "بزوتنەوەیکی نوێندگرایی" و " دیکتاتۆریی پڕۆلیتاریا" دەبێت.

درێژی هەیە...

دەستەڵاتی هەرەم چاکسازی...

هێناگرت! عەبدوڵا مەحمود

سەرئەنجام کابینەی نەهەمی حکومەتی!! هەرەمی کوردستان دوای زیاتر لە ٩ مانگ پێکهات. چ لە کارنامە ئینشاییەکی سەرکی کابینەی نوێ، پێداگری لەسەر هووبووونەوەی گەندەڵی و چاکسازی کراو، چ دەزگا ئاگەیاندنەکان و کادر و بەرپرسانی حزبەکان و ژمارەیەکی زۆر لە نووسەر و قەڵەم پەدراو وەکو ماشێنکی ئاراستەکراو باس لە چاکسازی و هووبڕووبوونەوەی گەندەڵی دەکەن. پەتای باسی چاکسازی و ئومێد بەستن بەوەی چاکسازی دەست پێدەکات و وەستانێ بڕووی گەندەڵیدا مەیدانێکی گرنگی کاری حکومەت و کابینەی نوێیە، پانتایەکی گەورەی میدیایی تێنیووە.
باسی چاکسازی" یەک ڕیزی نیشتیمانی!!" پێکهێناوە. بەتێ دەستپێکی هەڵدانی چەترێک بۆ کەردنەوەی زوربەی لایەنە سیاسیەکانی بەشدار لە کابینەی نوێ و ئۆپۆزیسیۆنی پەرلەمانی حکومەت و دەرەوەی حکومەتی تازە.
دیارە ئەو هەموو باس و خواستە لەسەر پرسی گەندەڵی و هاچێنین بە دەستدانە چاکسازی، نیشانەی ئەوەیە گەندەڵی و لەاستیدا دزی و تاڵانی هەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و گشت سێکتەرەکانی وەکو پەروەردو فەرکردن، تەندروستی، گەیاندن و گواستنەوە، میدیا و کاری ڕۆژنامەگەری، خزمەتگوزاریەکان، بازار، نەوت و غاز، زەوی وزار، دامەزراندن، بازرگانی، پیشەسازی، خانەنشینەکان، کومرگ، کاری بەڕێوەبەرایەتی، کایەی سیاسی و حزبایەتی... گرتەتەو بوارێک نەماوە دزی و تاڵانی و گەندەڵی وەکو زەروو نەچووبێتە گیانی.
هەموو ئەو دزی و تاڵانی و گەندەڵیەش لەهەموو بوارەکاندا، لەلایەن بەرپرسە دەسەڵات بەدەست و دەستڕۆشتوەکانی حزب و بنەماڵە لە هەرەمی هەرە باڵای دەسەڵاتی سیاسیدا، دەستی پێکردووە و پاشان شەربەتەوە بە خوارتر بەرپرسەکانی تر و حزبەکانی تری ناو ماڵی" کوردی" و لەوشەوە پەیوەتەوە ناو کایەکانی تر ناو ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئیداری و...تاد.

ئەو هەموو دزی و تاڵانییە ئاشکرایەو تانەت بەنخشەو سیستماتیکە، لە زەر سێکتەردا، لەلایەن دەسەڵاتدارانی سیاسی و خزمێک لە میدیاو نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ڕاسپێردراو بە گەندەڵی ناو دەبەن، ئامانجیش لەوەی کە ناوی ئەو دزییە بنین گەندەڵی و ناشفایەت، لەلایەکەوە بە ئەوەیە تا ئاستی ئەم فەرهود و دزییە

بەنە ئاستەکی نزم و خوارەو و بەن گەندەی لەهەموو دنیادا هەیە، تا رادەی ئەو دزی و تاڵانییە ئاشکرایەی هەرەم بگەندەی وڵاتانی تر بچونن. لەلایەکی تریشەوە بە ئەوەیە، شانی خەیان لەو تاوانی ئەم دزییە خاڵی بکەنەوە و بە دەست پیاهەنانەکی روکەش خەیان لە تورەیی و نەفرەتی جەماوەری دوربخەنەوە.

دەسەڵاتی سیاسی لەهەریم" لەهەردوو زونەکە" و ئۆپۆزیسیۆنی پشو و ئەستای دەسەڵاتیش، ئەو ڕاستیە باش دەزانن، کە هەکاریکی سەرەکی تەوەیی و نەفرەتی جەماوەری و خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەریەکان لەسەر ئاستی شەقام و هەکارەکی سەرەکی بایکۆتی جەماوەری لە کایەی یاسایی!! و هەبژاردنەکاندا!! … دزی و تاڵانی و ئەو نابەڕابەرییە ئابوریی و کۆمەڵایەتییە بووە کە دایان سەپاندووە. تاڵانی و دزی بەیاسایکراو" وەکو موچەی چەند ملیۆنی و ئیمتیازی ملیۆنی بە ئەندام پەرلەمان و وەزیر و بەڕێوەبەرێگشتیەکان و ئەردویەک لە خانەنشینیان و ژمارەی خەیالی موچەخۆری بن دیوار" و زەری هەڵز" وەکو دەست بەسەر زەوی داگرتن و داگیرکردنی موڵکی گشتی، دزینی نەوت، کۆنترۆڵی بازارو بازرگانی و بڕیندەرایەتی و سەرانە سەندن و قاچاخچێتی کردن…لەلایەن بەرپرسانی باڵای حزبی و بنەماڵەی دەستەڵاتدووە، ڕەی سەرەکی هەبووە لە خوەقاندنیدا.

دزی و تاڵانی بە یاساییکراو و دزی و تاڵانی لەێگای زەری هەزو پگەی دەسەڵاتەوە، لەلایەکەوە کۆمایەتیەکی حزبی کەردووە بە سەرمایەدار و سەرمایەداری هەتەقیوو، لەبەرامبەریشدا زوربەی زەری جەماوەری کرێکار و زەحمەتکەش و کارمەند و موچەخۆرانی ڕووبەووی ژیانی مەرەو مەژی کردەتەوە. هاوکات کۆمەگەشی بەرەو داروخانی تەواوەتی بەردووە، خزمەتگوزاریەکانی وێران کەردووە، کەرتی پەروەردەو تەندروستی داماندووە،…تاد.
هەنانە گەی باسی چاکسازی لەم خولەی نوێی پەرلەمان و کابینەی نوێدا بەو چەیەی وەڕیان خستووە، هەوەکی بەنەخشەیە تا لەرەگای ئەنجامدانی هەندێک هەنگاوی ڕووکەش و ناچیز و ئاست نزمدا، بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری خامۆش بکەنەوەو سواری شەپۆلی ڕەوای ئوردوی ملیۆنی بەبەشانی کۆمەگە بن. بەتایبەتیش کە ئەمجارە ئۆپۆزیسیۆنی بەروژازی لەدەرەوەی دەسەڵات ئامادەیی نەماوە تا بتوانێت هەستانی جەماوەری کۆنترۆڵ بکات… ئەگەر و ترسی تەقینەوەی تورەیی جەماوەری لەهەر ئان و ساتێکدا مەترسی سەر دەسەڵات و کابینەی نوێی حکومەت و دەسەڵاتی سیاسیە لە زەنکاندا.

ئەوەی کەدەبێت ڕوونە، ئەوەیە کە ئەم دەسەڵاتە ناتوانێت چاکسازی بەرچاو بکات و دەست ببات بۆ کورتکردنەوەی دەسەڵاتی بەرپرسە باڵا حزبی و حکومیەکان، چ لە ئاستی دزی بەیاسایکروادا ناتوانێت" موچەی ئەندام پەرلەمانەکان، بڕیوبەرگشتیەکان، وەزیرەکان، فەرماندە سەربازییەکان لە سلکی پێشمەرگە و ئاسایش ئەردی بن دیوارە خانەنشینەکان بە پلەی باڵا و...تاد" بهێنێتە خوارەوە بۆ ئاستی موچەیەکی تاڵادیەک نەرماڵ... بەنموونە دوو بەرابەر و سێ بەرابەری موچەی کرێکاران و کارمەندان....
هەروەها ناتوانێت دزی لەرێگای زەر و دەسەڵات و پێگەی حزبیەوە، دەستکاری بکات. دەستبەسەراگرتنی سەدان و هەزاران دۆنم و هیکتار لە زەوی مووکی گشتی و لایەن پارتی و یەکێتیەوە و بزوتنەوەی گۆران و حزبەکانی ترەوە دەستی بەسەردا گیراوە... و تاڵبەند کراوە، کراوە بە کۆشکی نیشتەجێ بوونی سەرانیان، کراوە بە سەربازگەی بەرگری لەدەسەڵاتیان، کراوە بە بارەگای حزبی و پێگەی کۆنەڕەشەکان و میدیاییە پوچەکانیان. بە دانپیانانی خۆیان زەوی نەماوە بە دروستکردنی قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و پارک و ... هەمووی بەخاوەنکراوە و حکومەت!! دەبە زەوی بکرێت... خاوەنی ئەو زەویانەش بەپرسانی باڵای حزب و بنەماڵەن. بازاریان قەرغ کردووە، بازرگانیان پاوان کردووە، کێگە نەوتیەکانیان دەستبەسەردا گرتووە، بڕیاری هیز باج و سەردانە دەسەنن و هەرچی قاچاخچێتییە لەدەستی خۆیاندایە. دەمیان ژێنیوەتە هەموو سلکەکانی پەروەردەو تەندروستی و بیناسازی و کەمپانیاکانی گەیاند و گواستنەوە و تەرەکانی ئینتەرنێت و میدیایی...تاد

ئەوانەی داهاتی کوردستان دەدەشن، دەستیان بەسەر جومگەکانی داهاتی کەمگەدا گرتووە، گەورەترن لەدەسەڵاتی حکومەت، دەسترێشتوترن لە یاساکانی پەرلەمان!!" ئەگەر یاسایەکیان هەبێت".
دەستبردن بۆ چاکسازی بێجێستە، پێنابردن بۆ گەرانەوەی مووکی گشتی، دەرهێنانی سەرچاوەکانی داهات لەدەست بەرپرسان، ڕووبەروبوونەوەی یاسایی!! ئەگەر "یاسا" هەبێت، دەست بەسەر سامانەکانیادا" نەقدی و غەیرە نەقدییاندا دەگریت، و بەمانای ڕوخاندنی دەسەڵات دێت... ئەم دەسەڵاتە چاکسازی هەڵناگرێت.
ئەگەر نیاز پاکەکانیش بیانوێت، چاکسازی بکەن، دەسەڵات دەستیان دەگیرێت و دەبڕێت... مانەوەی دەسەڵاتی حزبی و میلیشیایی پشتی بە کۆنتڕۆڵی داهات و دزین و تاڵانی سەرچاوەکانی دارایی و داهاتی خەڵکی کوردستان بەستووە.
ئەم دەسەڵاتە بەم هەموو تایبەتمەندیە شەرمئاوەڕوە، هەرگیز

چاکسازی هەناگرێت... ئەگەر باسی ڕووبوونەوەی گەندەڵیی، ئەگەر حکومەت و یاسا هەبێت، سامانی کەڵکراوی و نەقدی و غەیرە نەقدیان دەبێ دەستی بەسەرا بگیرێت و بەهەی نایاسایی بوونی کەڵکردنەوەی ئەو هەموو سامانەوە، بدرێنە دادگا و زیندانی بکرێن... ئەگەر بریار بێت کەسی شیاو، بخرێتە شوینی شیاو... ئەوا بڕپرسانی حزب و حکومیان نا لایەقی و بێتوانایی خۆیان، بە ڕەشنترین شێوە لە بارەوە بردنی کەمەگە نیشانداوە، هەشتا خاڵک تامەزرۆی ئاوی پاک و کارەبان ...و خزمەتگوزارییەکان نەک هەر بارەو خراپتربوون دەچن، بەڵکو خەریکن ئەو خزمەتگوزارییە گشتیکانەی کەماون هەرزان فرۆش دەکەن. بەیە چارەنوسیان دوورخستنەوەو لیپرسینەوەی یاسایی دەبێت.

بەیە دەستبردن بە چاکسازی ریشەیی بە کۆتایی دەسەاتی خۆیان بکەتا دەگات... بەیە نەک ناتوانن و دەستی بە نابن، هەر کەس و لایەن و دامەزراوەیکیش بجدی دەست بە ئەم دەسیەیە بارێت، چارەنوسی دەکەوێتە مەترسیەوە. تەنانەت چاکسازی زۆر ناچیزو ڕوکەشیش بە خەشی خۆیان ناکەن ئەگەر نەخرێنە ژێرگوشارەوە. بەیە ئەم دەسەاتە چارەسەر هەناگرێت و خرێند و بشایی یاسایی و ئاسایی و حکومەتداریی و دەوڵەتداری... لەگەڵ ویست و ژیانی گوزەرانی خەڵکی کوردستاندا، هێندە بڕین و فراوانە، پینە ناکرێت و بەیەک ناگەینرێنەوە...
ئەم دەسەاتە دەبێ لە ریشەوە، هەتەکێنرێت و لەدەسەات بخرێت. هەرچەشنە خەشباوەرییەک بەوەی ئەم دەسەاتە چاکسازی بەرجەستە دەکات، یان دەست بە باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی دەبات، لە خەشخەیاڵی و خزمەت بەدەسەات زیاتر هیچی تر نییە. پێویستە نەخشەو هەنگاوەکانی کەتاییهێنان بەو دەسەاتە، قیبلەنومای بزوتنەوەی نارەزایەتی و جەماوەری و بزوتنەوە کەمەایەتییە شەرشگێڕەکان بێت.

ناوەراستی تەموزی ٢٠١٩

دژە گەندەڵی با لە تەڵە دەست پێ

بکات! … کرمانج فەتاح

گەندەڵی یەکێکە لە کێشە هەرە گەورەکانی ئابووریی لە جیهاندا، بەتایبەت لە وڵاتانی ناوەراست، وڵات نییە گەندەڵی تێدا نەبێت؛ بەڵام هەرێکەو بەپێی هەتا وڵات زیاتر دواکەوتوو بێت گەندەڵی تیادا زیاترە پێچەوانەکەشی ڕاستە…(گەندەڵی واتە شتێک یان مافێک هی تۆ نیە و بۆ تۆ نیە بتەوێت بە هەگایەکی نا یاسایی و نا ئەخلاقی نا تەندروست بەدەستی بهێنیت)

گەندەڵی کارێکی(abnormal)ە واتا نا یاسایی ناگونجێت لەگەڵ نەرم و هاساکانی(rules)کۆمەڵگە، ئەم هەڵسوکەوتە دژبەرانە خانەی هەڵسوکەوتێکی نائاساییکان، هەم دژی اخلاق و دژی کۆمەڵگەیە،لەبەردا تاک بە گەیشتن بە حەزو و ئارەزووەکانی یاخود تێرکردنی غەریزەکانی هەوە بە وەدیهێنانی خۆنەکی ناتەندروست و دەست دەبات بە قەرغکردنی مافی خەڵکانی تر، لەبەرگای گەندەڵییەوە دەیەوێت بگات بە (باڵای)ی لە کاتێکدا ئەم تێک شکاندنی خودی (باڵایی) تاکێکی گەندەڵکاری لەم چەشنە کە نغرۆی گەندەڵی دەبێت، هەمیشە حەزەکانی پێش هەموشتێک دەخات و ناتوانێت سانسەر بە حەزکانی دابنێت، لەبردا تاک بەکەسێکی (نەخۆش)دا ئەندرێت. کە لە دەروونزانیدا دەڵێت:هەر کەسێکە ناتوانانێت کۆنترۆڵی حەزەکانی خۆی بکات، بە تاکێکی ناتەندروست هەژماردەکرێت.کەواتە گەندەڵکار تاکێکی (نەخۆش)ی نەو کۆمەڵگایە. کە ناتوانێت زاڵ بێت بەسەرخۆیدا کە زیاتر (ID) لە دەبینێت واتا حەز وغەریزەکانی، منی باڵا واتا (supar ego)ی کە بەرپرسیاریەتییە دادەبەزێت.

دوو هۆگا بۆ چارەسەری گەندەڵی
1:-ئەخلاق و هەست کردن بە بەرپرسیاری (منی باڵا)
2:-یاسایەک بۆ سزادان (حکومەت)

لەبردا ئەوەی پێویستە بکرێت چاکسازی نییە، بەڵکو بنبڕ کردنی گەندەڵی و ناوخنی گەندەڵییە، چونکە گەندەڵیش دەرهاوەشتەی سلوک و فیکرەو کردارەکانی مرۆڤە، بۆیە دەبێت سەرتا کار لەسەر (تاک) بکرێت تا متمانەی بنچینەیی بە دروست ببێت، تا متمانەیەکی تەکەمیان هەبێت بەرپرسیاریەتی راستقینە،تا بتوانین ئاشنابین بە بەرپرسیاریی هەقیقی، تاکەکان لەم کۆمەڵگەیدا بەدەست شەرپەنجە گەندەڵی دەناسنن، ئەبێت تاکێک دروست بکرێت بۆ مانای ڕاستقینە بەرپرس بێت لەو بەرپرسیاریەتییە کەی پێی ئەدرێت،هەژموونی زەرمان

هەیە و بیندراوە لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش، کە وێنایەکی جوانی بەرپرسیاریان نیشان نداوە، بەیە گەندەڵی شتێکی نامە نییە! °بەکو دەبێت بە تایتلێکی گەورەو بنووسین،(گەندەڵی لە دیاردەو بەتە حاڵەت)(Phenomenon)!

سزا و یاسا!

لە فەراغی یاسا و نەبوونی لەپرسینەوەی یاسایی، تەوی گەندەڵی بە ئاسانی گەشە دەکات و زەر بە زویی موتەربە و نەشونما دەکات و گەورە دەبێت. لەرەدا سزا گرنگی و ڕۆڵی خۆی دەبینێت، بەوەی کە تە هەڵبژاردەی بەرپرس دەکەیت بە بەرەوبەرایەتیەک یاخود هەر وەزیفەیک، ناکرێت بە بە یاسایەکی دیاریکراو هەژموونی کارەکانی ەای بکات، ئەبە لە بەرامبەر هەر کارێکی نا یاسایی سزایەک لەپاڵیدا بێ بتاشیت. تا لە چوارچێوەی یاسایەکی تەکمەدا،کێت بەندبکرێت، بە ئەوەی تاک نەکەوێتە گەڕاوی گەندەڵیەوە.

(لە هەندە وڵاتدا، هەر کەسێک گەندەڵی بکات، بە عاموودێکی کارەبایی دەیبەستنەوە، بە ئەوەی هەموو خەڵک بیبینێت.) وەک سزایەک.

دژە گەندەڵی لە تەە دەست پێدەکات !
چونکە ئەوکات زنجیری گەندەڵی دەپسێت و بەردەوامی نابێت.. بەیە دەبێت هەریەکە لە ئەمە زنجیرەکە بپسێنین و هەنگاو بە دژە گەندەڵی بهاوێژین. خەبەختکاری و پەکەوتەیانی هاوبەش و مافدان بەوانیتریش با کاری من و تە و ئەوانبێت، ئەوەی پێت وایە هەیە تەنیا هی تەیە هەڵەیت! چونکە بەرپرسیاریەتی واتا خزمەتکردنی ئەوانیتر. بەم جۆرە ئەتوانین واتایەکی تر بەبەر بەرپرسیاریەتیدا بکەینەوە.
لە راستیدا دەوڵەت لە ڕووی عقلیەوە ویستی مرۆڤکان ڕەک دەخات، بە یە دەبێت تاک بەشێکی جیانەکراوەی دەوڵەت بێت.

کرمانج فەتاح

گەندەڵی و بازرگانی کەرتی تەندروستی خنکاندوو … شوانە حەسەن ئەبوبەکر

لەهەموو وڵاتانی جیهان وەک ئاشکرایە دەبینرێت کەرتی
تەندروستی هەستیارترین کەرتە و لە هەموو کەرتەکانی دیکە زیاتر
پێوەندی ڕاستەوخۆی بە
ژیانی هاونیشتمانیانەوە هەیە ، بەڵام بەداخەوە لەهەرێمی کوردستان
لە سایەی دەسەڵاتی
دوو بنەماڵەی بازرگان و مافیا ، ئەم کەرتە بووە بە ئامرازێکی
بازرگانیکردن و سەرتاپا
وەک کەرتەکانی دی بە حیزبی کراوە . بازرگانیکردنی دەرمان لە لایەن
سەرمایەدارێکی حیزبەکەوە
چەندان کەسی نەخوێندەواری هاوشێوەی خۆی و دەوروپشتی خۆی
قەرغکراوە وەهەروەها بەپێی
قسەی شارەزایانی دەرمان کوالێتیەکی نزمی دەرمان هاوردەی ئەم
هەرەمە دەکرێت . بەڵام
هیچکام لەو شارەزایانە ناوێرن دەنگ بگرن یاخود سکاڵایی یاسایی
لەسەر ئەو دەسیە گەندەڵیە
تۆمار بکەن ، چونکە هووبەوی زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان و
تەنانەت مردنیش دەبنەوە
. ئەو سەرمایەدارە مافیا ئاسایانە لەم هەرەمەدا لە سەروو
یاساوەن. بەنموونە لە ماوەی
ڕابردوودا پزیشکێک بە ناوی (بەختیار ئەمین) هووبەوی
ئەشکەنجەدان بوێوە تەنها لەبەر
ئەوەی دەنگی لە کوالێتی دەرمان گرتبوو ! وەهەروەها کارمەندێکی
تەندروستی لەنەخۆشخانەی
قەڵادزە کەناوی (عبدلرحمان هەشەی) و هەگری بەوانامەی
ماستەرە لە بەدواداچونکدا
گەندەڵییەکی گەورەی بەرەوبەری گشتی تەندروستی ڕاپەرین و
بەرەوبەری مەبەندی تەندروستی
ژاراوەی سەر بەقەزای قەڵادزە ئاشکرا دەکات

ڕەحمان هەشەیی پێشتر لەسەر ئاشکرا کردنی گەندەڵی
لە نەخۆشخانەی قەڵادزە نەقە کرا بە ژاراوە،

چونکە لەو مەبەندە تەندروستییەی قەدزش گەندەییەکی گەورەی
ئاشکراکرد وەک کارمەندکی
بوێرو چاونەترس و خەمخۆری خەڵک و خەمخۆری کەرتی تەندروستی بەڵام
بەداخەوە تاوانبارانیش
هیچ ئیجرائاتکی یاسایان لووبەروو نەکرایەوە !
سەرەڕای سکاڵای یاسایی پزیشکەکە !

ئەو لایەک لەلایەکی ترەوە شانبەشانی دەستبەسەراگرتنی
نەخشخانە (بە ناو) حکومیەکان ، نەخشخانە ئەهلیەکانیش لە لایەن
سەرمایەدارانی دوو
حیزبەکەوە دامەزرێندراون . بۆیە بە شێوەیەکی بەرچاو نەخشخانە
حکومیەکانیان پشتگوێ
خستوە و خەڵکی متمانەیان بەو نەخشخانانە نەماوە ، بەمشێوەیش
ژمارەی سەردانیکەرانی
نەخشخانە ئەهلیەکان زیادی کردووە و لەم ڕێگەیەوە خزمەتی
سەرمایەی خۆیان کردووە .

ئەم گەندەڵکاریەش تەنها لە ئاستی باڵادا نیە ، بەڵکو
شەبەتەوە بە کارمەندانی تەندروستیش (پزیشک ، دەرمانساز ،
کارمەندانی تەندروستی
..هتد) . بە شێوەیک لە کاتی دامەزراندنی نەرینگەیەکی پزیشکیدا
پێویستە ڕێکەوتنک لە
نێوان پزیشک و دەرمانساز و کارمەندی تاقیگەدا ئەنجام بدرێت . کە
زەربەی ڕێکەوتنکان
بەم شێوەیە (پارەی ئۆفیس و سکرتێری پزیشکی پسپۆڕ لەلایەن
دەرمانساز و خاوەنی تاقیگەوە
دابین دەکرێت و لە بەرامبەر ئەوەدا پزیشک دەرمان و پشکنینی زیاتر
بە نەخش دەنوسێت
) . بەمشێوەیش کارمەندانی تەندروستی بازرگانی بە ژیانی نەخشەوە
دەکەن و بۆ پارەیەکی
زیاتریان دەستدەکەوێت ! و تاکە زەرەرمەندیش کە فریودەدرێت نەخش
و هاونیشتمانیانن
. بەم شێوەیە کەرتی تەندروستی بووە بە تەڵکی بازرگانیکردن . کە
شکڵی یەکەک لە پیرۆزترین
پیشەکانی (کە پزیشکیە) بە بەها کردووە .

سەرەڕای ئەم هەموو گەندەڵیە ، هیچ لێپرسینەوەیک
لەو گەندەڵکارانە ناکرێت و لێژنەی نەزاهەش بەدەنگی هەڵبژاردووە !

ئاخۆ ئەبێت کەی بێت
و ئەو گەندەڵکارانە بدرێنە دادگا ؟! کەی سیستەمێکی پێشکەوتووی تەندروستیمان هەبێت ؟!
کەی نەخۆش و کارمەندانی تەندروستی خاوەن مافی خۆیان بن ؟ کەی حیزب و سەرمایەداری لە
خزمەتکردن جیا بکرێتەوە ؟

ئێم پرسیارانە و چەندان پرسیاریتر بە وەڵام ماونەتەوە
و تاکو ئێم دوو کەمپانیایە حکومەت بەڕێوەبەرن گەندەڵی بنەبڕ نابێت و خوێنی من و هەزارەها
گەنجی وەک من بەدی نایێت و هەرگیز هەنگاوێک ناچینە پێشەوە بە ئاراستەی پێشکەوتن.

ڕۆژنامەنوس : شوانە حەسەن ئەبوبەکر

سەرم لە دەرناچێ، نوقتە سەری دەنێ... ئارام ئازاد

سەرم لە دەرناچێ: دکتۆرێ و سپێرتێری مەلا عەلیێ!!
نوقتە سەری دەنێ: خاوەنی یەکێک لە گیادەرمانەکانە.

سەرم لە دەرناچێ: جمهوری مەسیح و هاندۆری پورتوگالێ
نوقتە سەری دەنێ: لەوە ئەچێ خزمەکی باییزی عەراق بە لە پورتوگال.

سەرم لە دەرناچێ: کۆشتیەکەی ئەمریکا دوو بست لە ئەمەوە دورە کەچی هەرشە لەئێران ئەکا
نوقتە سەری دەنێ: زەر ئاسایی واتە پەگەی خەت بزانە.

سەرم لە دەرناچێ: مەلاکەی لای ماڵمان سەوتی زەر ناخشێ بە ناشوکری نەبە
نوقتە سەری دەنێ: پەی بلێ وازبێنە ئەتکەین بە وەزیر ، حاشا لە مزگەوت و باوکیشی ئەکا.

سەرم لە دەرناچێ: ئەیانوت دوێنێ خوێنی تێ و کارەبا حەشریان

کردوە یەکی 24 تان قەپات کرد
نوقتە سەری دەن: باوە گیان پێیان ڕابواردوی دوێنێ تە بیست دەقە خۆتوی کارباش هەر ئەوەندە سەری لێداین.

سەرم لێ دەرناچێ: دەستی شکاوم هەڵبژاردنی ڕابردو دەنگەکەی خەمم فەوتان ئەوە نامورتاحی کردوم
نوقتە سەری دەن: ئەکیدم ئەوانیش حیسابی نامورتاحی تێیان کردووە.

سەرم لێ دەرناچێ: عیشقەکی ئەبەدیمان لەگەڵ وەاتی دەوروبەر هەیە
نوقتە سەری دەن:
عیشقە ئاساسیەکەمان بە هەتەل و باڵ و کچە جوانەکانیانێ و مانزەری جوانیشمان کردەتە بیانو بۆگەیشتن بەم ئامانجانە .

سەرم لێ دەرناچێ: جیرانەکەم پێنج فەرزە سەر لەسەر نوێژ کەچی لەخانوی کرێدایە و بەرامبەرەکەی ئەبوجەهل و سەرخۆشی وەک خۆی نیە کەچی مورتاح لە خانوی خۆی دایە
نوقتە سەری دەن: چونکە نیەتی سافکی ئیمان لە دڵ .

سەرم لێ دەرناچێ: سەرم لێ دەرناچێ
نوقتە سەری دەن: باشترە سەرت لەدەربچێ و خەتابنی لەگەڵ بارودۆخ نەبادا ببیتە نوقتە و پێندی سەری دەن.

ئەوا ئەردگانیش دانی بە پیلانەکەی نا … عیماد عەلی

تا رادەیەکی باش ئەردگان لە دوا لێدوانی پیلانە ترسناکەکەی دەرخست، ئایا چارەسەرە هەمەیشەییەکەی ئەردگان بێ تیرار چیە کە تەنها مەبەستی پەکەکەیە؟ کەتا لێدوانە ڕاشکاوەکانی ئەردگان بێ حزبەکەی زەر شتی دەرخست و جگە لە ئاماژەدان بێ نەبونی هیچ هەماهەنگیەك لە گەڵ ئەمریکا بە پێچەوانەی پێشوتر و، هەرەشەی گەران بەدوای ئەتەرناتیڤی چەکی ئەمریکی و بەتایبەتی فڕۆکە و دابینکردنی ئامرازەکانی ئاسایشی تورکیا و پێویستی ڕووکردنە ڕژهەات و تکاو پارانەوە لەلایەك و گوتەی نیمچە هەرەشەی

دورکەوتنەوە لە ئەمریکا بە رووکردنە ڕێگەی تری پاراستنی ئاسایشی نەتەوەی تورکیا لە لایەکی تردە. زۆر شتی دەرخست بێ ئەوەی ئاگاداری قسەکانی بێت یان بەمەست بوو لەم کاتەدا، دەرخستنی جێبەجێ کردنی ئەو پیلانە نهێنیە داڕژراوە کە زۆر خەڵك لەم ماوەیە باسی دەکەن و بە هاوکاری هێزی ناوچەیی و وڵاتانی دەوروبەری کوردستان هەنگاوی بێ دەنێن و بەرژەوەندەیەکانی خۆیان دەپارێزن، کەچی کوردیش لە گوێی گادا نوستووە . ئەردۆگان دەڵێت؛ هیچ سزایەك ریگە لەتورکیا ناگرێت پێشینەی کارەکانی ئەوە بێت دابینکردنی ئاسایشی وڵاتەکەی بپارێزیت و ئەو لەو ڕێگەدایە کە تیرۆر بە شێوەیەکی هەمیشەیی و بنبر کۆتایی پێبهێنێت! مەبەستی کۆتاییهێنان بە پەکەکەیە لە قەندیل وەکو چۆن زۆرجار بەرپرسەکانی لێدوانیان لەوبارەوە داوە.
بەڵام پرسیارەکە لەوێدایە چۆن کۆتایی بە بەناو تیرۆرەکەی دێنێت و کێ یارمەتیدەری دەبێت و بەرژەوەندی ستراتیجی کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە پیلانەکەی تورکیا سەربگرێت و نیوەی هەرێمی کوردستان بکەوێتە ژێر ڕەحمەتی هەتاهەتایی تورکیا و ئەو خەونە دێرینەی سەتەنەتی عوسمانی لە ویلایەتی موسڵ و شارەزور بێتە دی. هەر لەوێدا ئەردۆگان ڕووی دەکاتە ئەمریکا و دەڵێت فڕۆکەی ئێف 35 مان نادەنێ؟ باشە مافی خۆمانە ڕوو بکەینە شوێنێتر، بەڵام دەستبەرداری موشەکی ئیس 400 نابین.
ئەوەی ڕوونە بێ ئەمریکا کە کێشەکەی لەوێدا نیە موشەکی ئیف 400 بگاتە تورکیا و تا ماوەیەکی تر نەیخاتەگەر کە ئەندامی ناتۆشە بەقەد ئەوەی لە ڕووی ستراتیجی گۆڕینی سیاسەت و ڕووی تورکیا بەرەو ڕوسیا خەریکە بێ ئەمریکا ڕوون و یەکلایی دەبێتەوە، کە تورکیا لە ئەمریکا و ئۆرپا بێئومید بووە و ڕێگەی شەنگەهایی پێباشترە، باشترین بەڵگەش ئەوەیە کە ڕوسیا نەك هەر موشەکەکەی پێدەدات بەڵکو بە پێی قسەی ئەلیکسەندەر میخاییفی بەرێوەبەری کۆمپانیای (ڕوسی ڕێسۆربۆرن ئیکسپۆرت)ی ڕوسی بێ هەناردەکردنی چەکی حکومەتی ڕوسیا ئەوەیە کە لەوانەیە لەمەودوا هەندێك لە بەشەکانی ئەو موشەکە لە تورکیا بەهەمبەهێنێت، ئەمە جگە لە هەلیکۆپتەر و کەتیبەی موشەکی بەرگری ئاسمانی و دژە فڕۆکەی تر وتەنانەت لە بواری وزەشدا، ئەمەش زۆر شت ڕوون دەکاتەوە کە تورکیا تەنها موشەك ناکڕێت بەڵکو ئەگەر داواکاریەکانی لەلایەن ئەمریکاوە جێبەجێ نەکرێت ئەوا بەیەکجاری ڕووەکاتە ڕوسیا و پشت لە ئەمریکا و ئەوئەگەرەش لە ئارادادەبێت کە لە هاوپەیمانی ناتۆ دەربکرێت و ئەم وڵاتە ببێتە چەقی شێوە ململانێیەکی ترسناکی جیهانی لەم ناوچەیە کە بێ حەوت سەدەیە بەم شێوەیە نەبینراوە.

ئستاش ئەمریکا و تورکیا لە قناغکی چارەنوسسازدان لە پەیوەندی و چنتی گەیشتن بە رگەی سیەم، بەام خزاندنی تورکیا بۆ نو لیستی سزاکانی ئەمریکا بە پی یاسای کاتسا لە ئارادایە کە تا ئستا ترامپ بە بەهانەوە دوو دیەوە لەوەدەروانت و بیاری یەکلاکەروە لەو کاتەدا دەدرت ئەگەر ئەمریکا بە تەواوی ئومدی لە تورکیا ببرت و یەکلایی بتەوە کە بواری گەانەوەی نیە.
ئەوەی مەبەستمانە لرەدا بیین ئەوەیە؛ ئایا تورکیا دەتوانت بەیەکجاری وەکو خی دەت بنبی هەمیشەیی تیرر بکات کەمەیەستی پەکەکەیە و، چن ئەردگان ئاوا بە ئاشکرا و بە بوغراییەوە لەم کاتەدا بەم شوەیە باس لەوە دەکات؟ کۆ یارمەتیدەری دەبت و لەم بارەوە رکەوتنی پشوەختەی لەگە کدا کردووە و رلی کورد یان پارتی و یەکتی لەم ئامانجە چیە و چن مامەی لەگەدا دەکەن و هەوستی کتاییان چی دەبت؟ ئەگەر ئەم پیلانە سەربگرت کوردی هەرچوار پارچەکە توشی چی دەبن؟ بدەنگی ئران چی دەگەیەنت؟ ئایا ئەو هەی باس دەکرت بۆ گەمارۆدانی قەندیل سەری سەرانی هەرمی کوردستان و ئەزمونەکەی کوردیش ناخوات کە تا ئستا نوتقیان بۆاوە تا ئستاش کە خەریکە هە پانەکەی ئەم پیلانە دەردەکەوت کەچی ئەمان قروپیان لکردووە؟
بچی تا کاتی بەسەرەوە ماوە خەك و رکخراوە مەدەنی و راگەیاندنە بە هەوستەکان و زرك لە حزبەکانی کوردستان لەمەر ئەم ترسە بدەنگن و بچی جموجوی پویست ناکرت و هەوستی کەس روون نیە ؟ عیراق رلی چی دەبینت و ئایا ئەویش بەشدارە لەم پیلانە کە جگە لە کورد کەس زیانی تدا ناکات؟ ئەمە و پاش دەرکەوتنی راشکاوانەی سەرەداوی پیلانەکە وا پویستە خەك کە خی خاوەنی پرس و کشەکەیە لە چاوەروانی ئەشبەتاییکی تر دەستەوەستان نەبیت و ترسناکی ئەم پیلانە قزەونە کە رژ لە دوای رژ زیاتر دەردەکەوت بۆ رای گشتی و هەموو لایەك روونبکرتەوە و ئەوەی لە توانادایە کاری لەسەر بکرت و رگری لە سەرکەوتنی بگیرت و ئەگەر بکرت بە هەموو توانایەك بۆ بەربەستی بخرتەبەر بخرتەگە و چاوەری دەسەلاتی کوردستان نەبت، با بۆ سەدەیەکی تر میلەتەکەمان نەکەوتە ژر دەستی عوسمانی و عەرەب و عەجەم و ئەزمونی حوکمرانی کورد دیزەبەدەرخونە نەکرت. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا مەعقولە سەرکردایەتی و دەسەلاتی گەندەی کورد درك بەو مەترسیە نەکەن و هیچ هەوستك نە نونن و بەکو لەوانەیە لەوەدا ژربەژر لەبەر بەرژەوەندیەکی تەسك و کورتبینی و هەی ستراتیجی گەورە کە لە کتاییدا سەریان دەخوات لە پیلانەکە بەشدار بن. لە کتاییدا دەبت ئەوە بین کە ترسناکیەکە لەوایە ئەگەر ئەوە خەبت هەندك

وەاتی قەزەون کە مژووی پرە لە پیلانگێڕی و کەسیش ناوی ناهێنێت لەم پیلانە بەشداربێت، ئەگەر بزانێت سەد ساڵی تریش قازانجە ئابووری و سیاسیەکانی خۆی لەسەر حسابی خەڵکی ئەم ناوچەیە دابین دەکات.

ژوورەکەت بۆچی بۆ هەشت ؟ … نەوزاد بەندی

گاتەم کرد ، ووتم وا هاتم ..
قاوەکەت بۆ نەخواردەوە ،
گاتەم کرد ،گاتە..
کە ووتم
دە دەقیقەی تر
لێ لاتم ..!

ناتوانم بڕم ..
تەنانەت گەر خەشت بوەم ..
ناتوانم بڕم ..

من لەگەڵ تۆ
دانیشتووی ئەم جیهانە نیم
دانیشتووی ناو خەیاڵاتم ..

/نەوزاد بەندی /

ئاوەدەبوون بە سەکس … ئەحمەد

کامەران

کاتێك گومان لە وشەی ئاووەبون دەبێت هەنگە ڕاستەوخۆ بیرمان بۆ خواردنەوە کحولیەکان و کشانی مادە هۆشبەرەکان بۆات، بەڵام لە بنچینەدا چەندین بابەتی تر هەن یان چەندین ئامرازی تر هەیە بۆ ئاووەبونی تاکەکانی کۆمەڵگا, کە لە نۆیشیاندا ئاووەبوونە بە سێکس کە ئەمەش واتە خۆ بەدەستەوەدان بۆ حەزوو ئارەزووەکان یان بەشێوەیەکی تر واتە کێلە بوون بۆ ئارەزووە سێکسیەکان, هەروەها مەترسیدارترین ئاووەبونی سێکسی بریتیە لە سێکسی نێو تۆڕەکانی ئینتەرنێت , چوونکە ئەم جۆرە سێکسە ڕۆژانە تاکی کۆمەڵگا بەتایبەتیش گەنجان لە هەر شوێنێك و لە هەر کاتێك دا لەڕێگەی مۆبایل و لاپتۆپەکەیانەوە بینەری ئەو ڤیدیۆ سێکسانە دەبێت کە لە نێو سایتەکان دانراون, بەبێ هیچ جۆرە سانسۆر دانانێك .
ئەمەش لە ئەنجامدا وا لەو تاکە یاخود ئەو گەنجە ئەزیزە دەکات کە نەتوانێت لە
نێو کۆمەڵگادا ڕووبەروی سەرجەم بەربەستەکان ببێتەوە کە دێنە پێشی یاخود ناتوانێت بیر لە چۆنیەتی بنیاتنانی داهاتووی خۆی بکاتەوە,چوونکە ئەو لە بنەڕەتدا ئاووەبونی هەڵبژاردوە بە هۆی نەبوونی ئەو ئاستە ڕۆشنبیریەی بۆ بابەتەکان بێیە لێرەدا پێویستە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا و لەنۆشیاندا چینی گەنجان کە گرنگترین چینی کۆمەڵگان خۆیان لەسەرجەم بابەتەکاندا ڕۆشنبیر بکەن چوونکە ئەمە لە ئێستادا لە سەردەمێکداین کە ڕووبەوی شتی زۆر مەترسیدار دەبینەوە بۆ سەر ژیانمان دا بێیە هەتاکو چەند بە ڕۆشنبیریەوە هەنگاو بۆ ژیان بدەین ئەوا ژیانێکی ئاسوودەو تەندروستمان دەبێت بۆ خۆمان و خێزان و کۆمەڵگاکەمان.

هیوا خوازم گەنجی کۆمەڵگاکەم کە خۆیان لە شتە بێ کەڵك و زیان بەخشەکان بە دوور ڕابگرن و بڕێنە لای ئەو شتانەی کە سوودو خزمەت بەخۆیان و کۆمەڵگاکەیان دەکات.
*گەنجی ئەزیز پێش ئەوەی تۆ دەست لە مۆبایلەکەت یاخود لاپتۆپەکەت بدەی بیر لەوە بکەوە تۆ چ شتێکی پێ دەکەیتەوە.

ئایا دەڕێتە نێو ئەو سایتە سێکسیانەوە کە ژیانی خۆتی بۆ ئاووە دەکەیت و زیانی تەندروستی لە خۆت و دوایش لە کۆمەڵگاکەت دەدەیت؟ یان بە پێچەوانەوە بۆیاری ژیرانە دەدەیت و لەو سایتە بۆ کەڵکانە بە دوور دەکەوێەوە وە ئەڕێتە نێو ئەو سایتە جوانانەی کە خزمەت بە ئاستی ڕۆشنبیری تۆ دەکەن لە کۆمەڵگ بواری جۆراوجۆردا.

ئیتر لەرەوە بەیار دان دەکەوتە ژێر دەستی خەت چوونکە تۆ تاکێکی ئازاد و سەربەستی لە بەیاردان لەسەر گۆڕینی ڕەوی ژیانتدا.

*هیوای کۆمەگایەکی تەندروست و ئارام دەخوازم بۆ سەرجەم تاکەکانی

ئەحمەد کامەران| قوتابی کۆلێژی ئاداب